www.kurdistannet.org
11-3-2003 23:44

# حەڤدەی ئادار و ئەرکەکانی حکومەتی هەرێم

نەجات حەسەن قەرەداغی

ڕۆژ بە ڕۆژ ئاماژەکان ئەوە بەدیار دەخەن کە لێدانی عێراق ولەناوچوونی ڕژێمی ئێستای عێراق بۆ هەتاهەتایە نزیک بۆتەوە. . ئەوەتا ئەمریکاو بەریتانیاو ئیسپانیا بەخۆیان و پرۆژەیەکی نوێوە لە هەوڵدانی جددیدان بۆ پشتگیریەکی نێودەوڵەتی و لەو میانەشدا (١٧) ی ئەم مانگەیان وەك دوا مۆڵەت داناوە بۆ ڕژێمی دکتاتۆری بەغداد. .

لێرەوە هەر وڵاتێك بەپێی دورو نزیکی لە بارودۆخەکەوە لەکاردایە بۆ ئەوەی ئەم جەنگە کەمترین کاریگەری لەسەر دروست بکات. . هەندێك لەوان بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دژایەتی ئەم جەنگە دەکەن. . هەندێکی دیکە پاڵپشتی وهەندێکیش بەرژەوەندیەکانیان وا دەخوازێ بێ دەنگ لە بارودۆخەکە رابمێنن. . بەڵام ئەوەی هەمویان تیایدا هاوبەشن پاراستنی هاوڵاتیانیانە. . هەموویان دەیانەوێ کارێ بکەن کەمترین زیان بگاتە هاوڵاتیانیخۆیان. . بۆیە هەر لەئێستاوە دەستیان کردووە بە کێشانەوەی دیبلۆمات و هاوڵاتیانیان لە عێراق و ناوچەکە چونکە دەزانن لە جەنگدا هەموو شتێك چاوەڕوانکراوە. .

هەندێکی تر لە وڵاتان لەسەر خاکی خۆی، لەترسی ئەوەی نەوەك پریشکی ئەم جەنگەی بەربکەوێت خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەر پێشهاتێك. . ئەوەتا ئیسرائیل لەو دوورەوە ماوەیەکی زۆرە لە هەڵمەتێکی بەرفراوانی نیشتمانیدایە بۆ وشیارکردنەوەی هاوڵاتیانی و بەخشینی زانیاری دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕووداوەکاندا، ئەمە جگە لە دابینکردنی کەلوپەل و ئامێرە پێویستییەکانی خۆپاراستن لە چەکە کۆکوژەکان بۆ سەرجەم خەڵکی ئەو وڵاتە. . لەگەڵ ئەوەشدا ئیسرائیل بە هاوکاری حکومەتی ئەمریکی چەندین ڕۆکێتی جۆراوجۆری لەسەر سنورەکانی خۆی دامەزراندووە بۆ ڕێگرتن لە گەیشتنی هەر ڕۆکێتێکی عێراقی بۆ ناو ئیسرائیل. .

ئەمە بە نیسبەت وڵاتێکەوە کە تا ڕاددەیەکی زۆر پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆی هەیە بەکێشەی عێراق و لێدانی ڕژێمی عێراق. . بەڵام حکومەتەکەی لە غەمی هاوڵاتیانی خۆیدایەو پاراستنی سەرو ماڵیان بە کاری خۆی دەزانێت و گیانی هاوڵاتیانی لا گرنگە. . باشە ئەی دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەرێمەکەی بەشێکە لەو عێراقەی کە گۆڕەپانی ڕووداوەکانە چی ئامادە باشیەکی بۆ بارودۆخەکە کردبێت. .

خەڵکی هەرێمی کوردستان مافی خۆیانە لەم کاتەدا بپرسن، ئایا حکومەتی هەرێم چی کردووە بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی. . بۆ بەرەنگار بوونەوەی ڕوداوە کتوپڕەکان. . بێگومان تا ئێستا وەك پێویست کار بۆ ئەو ڕوداوە گەورەیە نەکراوە، وەك پێویست هاوڵاتیان لە ڕوداوەکان ئاگادار نەکراونەتەوە. . ئەوەندەی لەم کاتەدا حکومەت و بەرپرسانی خەریکن بە خەزن کردنی پارەو کۆکردەوەی باج و کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران و درێژکردنەوەی ڕۆژەکانی مانگ لە (٣٠) ەوە بۆ (٥٠) و (٦٠) ، نیو هێندە سەرقاڵی ئەم بابەتە گرنگە نین. . ئەمە ڕەنگە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەبێت، بەڵام بەگشتی هەردوو حکومەتی هەرێمەکەمان ئەمە حاڵیانە. .

لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین لە حکومەتی هەرێم. . لە کاتێکدا لە دەروازەکانی ڕوداوێکی ئاوا نزیك دەبینەوە کوا بنکەکانی وشیارکردنەوەی هاوڵاتیان. . کوا لێدوانی ڕۆژانەی بەرپرسان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گەیاندنی دوا پێشهاتەکان بە خەڵکی. . کوا بنکەکانی فریاگوزاری خێرا. . کوا دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆپاراستن. . تەنانەت تا ئێستا بە باشی لای هاوڵاتیان ڕوون نەبۆتەوە کە ئایا کاریگەری ئەم جەنگە چەندە دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان. . وە ئەگەر کاریگەری هەیە بۆ کام ناوچە زیاترەو خەڵکی ڕوو لە کوێ بکەن؟ وە ئایا ترس و دڵە ڕاوکێی خەڵك لە جێی خۆیەتی یاخود وەهەمو دنیا ئارام و بێ موشکیلەیە. . ئەمانە هەموو کۆمەڵێ ئەرکی گرنگ و سەرەکین و لەم کاتەداو بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی زەرەرو زیانەکان پێویستە لەسەر حکومەت زۆر بە ڕوونی ئەم بارودۆخە بۆ خەڵکی دیاربخات و ئەوەی ئەوان بەدەستیان دەکەوێت و دەیزانن بێ ترس و دوودڵی ڕۆژانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن

لەلایەن بەرپرسانەوە بۆ هاولاتیان رونبکرێتەوە. . وە هەروەها هەولبدرێت لە رێگای رێکخراوو دەزگاکانەوە کەرەستەی پێویست بۆ پاراستنی هاولاتیان دابین بکرێت، چونکە وەك وتراوە خۆپاراستن لە چارەسەرکردن باشترە. .

لە کۆتاییدا دەلێم. . بە رێزان بەرپرسانی حکومەتەکانی هەرێمەکەمان. . گەر خۆتان ماڵ و منداڵ و کەس و کارتان لە دەرەوەی هەرێمن و بۆ دەرچوونی خۆشتان بە ئاسانی و لەهەر کاتێکدا بتانەوێت بێ گرفتن، ئەوا بەزەییەکیشتان بەو خەڵکەدا بێتەوەو تەنها ئەگەر بۆ جارێکیش بووە بە ئەرکی لێپرسراوێتیتان هەستن. .

**هەرێمی کوردستان**
[qaradakhi@hotmail.com](mailto:qaradakhi@hotmail.com)

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت